### بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیـــار : ٧**
**ڕۆژی بڕیـــار : ٢٠٠١/٦/٥**

## " بـڕیـــــار "

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦)و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و ، لەسەر داواکردنی ئەنجومەنی وەزیران ، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە کۆبوونەوەی ژمارە (١٢)ی ڕۆژی (٢٠٠١/٦/٥)یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەیدا:

**ماددەی یەکـــەم :**

موعامەلەکانی سەر لە نوێ تۆمارکردنەوە، بە ناوی ئەشخاصی طبیعییەوە کە دەربارەی زەوی ـوزاری کشتوکاڵ لە دەرەوەی سنووری شارەوانییەکاندا لە چوارچێوەی ئەرك و فرمانی (ملاحظیەتی) تۆماری عیقاری زاخۆ پیادە دەکرێ ، پووچ دەکرێنەوە ، چونکە حوکمەکانی سەر لە نوێ تۆمارکردنەوە کە لە یاسای

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

ژماره ( ٤٣ ) ی هەموارکراوی ساڵی ( ١٩٧١ ) دا هـاتووه نایانگرێتـەوه و کەوتوونەتـە ژێرکاری حوکمەکانی یاساکانی چاکسازی کشتوکاڵەوه کە لە هەرێمدا بەر کارن .

**مـاددەی دووەم :**

موعامەلەکانی سەرلەنوێ تۆمار کردنـەوه کـە دەربـارەی عیقـار و زەویـی نـشینەیی لەناو سـنووری شـارەوانیەکاندا ، لـە چـوار چـێوەی ئـەرك وفرمـانی (ملاحظـیــــەتـی) تۆمـاری عیقـاریی قـەزای زاخـۆدا پیـادە دەکـرێ پـووچ دەکرێنـەوه ، چـونکە بـەپێی دەقـەکانی یاسـای ژمـاره (٤٣ )ی هـەموارکراوی سـەر لـەنوێ تۆمـار کردنـەوەی سـاڵی (١٩٧١ ) شەرت وشرووتیان بەجێ نەهێناوه .

**ماددەی سـێیــەم :**

موعامەلەکانی سەر لە نوێ تۆمارکردنەوه کـە دەربـارەی زەوی‌وزاری کـشتوکاڵ لـە ناو سنووری شارەوانیەکاندا لە چوارچێوەی ئەرك و فرمانی (ملاحظـیــــەتـی) تۆمـاری عیقاریی قەزای زاخۆدا پیادە دەکـرێ پـووچ دەکرێنـەوه ، چـونکە بـە پێـی دەقـەکانی یاسای ژماره (٤٣)ە هەموارکراوی تۆماری عیقاریی سـاڵی (١٩٧١) شـەرت و شـرووتیان بەجێ نەهێناوه.

**ماددەی چـــوارەم :**

ناو لێنان لەو عیقـارەی کـە لـە (مـەتنی مـاددەی / ٤٣ موکـەڕەر ، ق٣ / موکـەڕەرو ماددەی (٥٦)ی یاسای ژماره (٤٣)ی هـەموارکراوی سـاڵی (١٩٧١)ی تۆمـاری عیقاریـدا هـاتووه ، تـەنها ئـەو موڵکـە صـرفانه دەگرێتـەوه کـە کەوتوونەتـە نـاو سـنووری شارەوانییەکانەوه.

**ماددەی پێنجـــەم :**

أ. لیژنەیەك له نوێنەرانی وەزارەتـەكانی كـشتوكاڵ و ئـاودێری ، شـارەوانی و گەشـت و گوزار ، ئـەوقاف و كاروبـاری ئیـسلامی ، دارایـی و ئـابووری و داد ، بـە سـەرۆكایەتی دادوەرێك پێك دەهێنرێ . ئـەم لیژنەیـە موعامەلـەكانی سـەر لـە نـوێ تۆماركردنـەوە تەدقیق و تەسدیق دەكات بەر لەوەی لـە دایـەرەی تۆمـاری عیقاریـدا تۆمـار بكـرێن ، بڕیارەكانیشی له ماوەی (٣٠) سـی رۆژدا كە لە رۆژی دەرچوونی بڕیارەكەوە دەست پێ دەكات ئەوەی لە باردا هەیە كە تانەی تەمییزی لێ بدرێ.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كــــــــوردستان
www.mejkurdistan.com

ب. ئەو لیژنەیە كە بە پێی برگـە (أ)ی ئـەم ماددەیـە پێك دەهێنـرێ تـەنها سـەیری ئـەو موعامەلانە دەكات كە لە ماددەی دووەم و سێیەمی ئەم بڕیارەدا هاتووە.

**ماددەی شـەشـەم :**

موعامەلەكانی سەرلەنوێ تۆماركردنەوە كە بە پێی دەقەكانی ئەم بڕیارە تەسـدیق كـرابن و شەرت و شرووتی یاساییان بە جێهێنابێ لە رەسمی تازەی تۆماركردنەوەی عیقاری عـەغو دەكرێن.

**ماددەی حـەوتـــەم :**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم بڕیارە بێت ، ناخرێتە بەركار.

**ماددەی هەشـــتـەم :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی عێراق ئەم بڕیارە بخەنە بەركار.

**ماددەی نـۆیـــەم :**

ئەم بڕیارە لە رۆژی بلاوكردنەوەی لە (وەقایعی كوردستان)دا ، دخرێتە بەركار.

**د. رۆژ نـــوری شـاوەیس**
**سـەرۆكی ئە نجـومەنی نیشـتمانیی كوردستانی عێـراق**